


# تێکۆشان

ئـۆرگانی کـومیتـەی ناوەنـدی سـازمـانـی خـەبـاتی کوردسـتـانـی ئـێـران

بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە ڕەواکانی و ڕووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکڕاتی و پاڕلمانی، تێدەکۆشین.

ژمارە : 330

سی و شەشەمین ساڵ ، ٣٠بانەمەڕی هەزار چوار سەدی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢٠ئاوریلی دوو هەزار و بیست و یەک ی زایینی



پیرۆزبایی کاک بابەشێخی حوسەینی بەبۆنەی بڕیارنامەی١١٨ی کۆنگرەی ئەمریکا.{1}


یەکیەتی ئوورووپا، بازرگانی نێوان کۆمپانیا ئوورووپاییەکان لەگەڵ ڕژیمی ئێران تاوتوێ دەکات {1}


سەرنجێک لەسەر شەری غەزە و ئیسراییل {2}


پێشمەرگە و لایەنگر تەواوکەری یەکتر و سەرمایەی مرۆیی سازمانەکەیانن {2}


لێدوانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات لە پەیوەند بە وتووێژی جەواد زەریف {3}


پیرۆز بێ یادی 123 ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی،، کوردستان {3}


یادی سەروەران. {4}


لێکدانەوە و خوێندنەوەی کەلاسی دەرسی سکرتێری گشتی، سەبارەت بە نەتەوەیی و نیشتمانی {5}


ڕاگەیەندراوی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە بە بۆنەی شەهید بوونی بێهزاد مەحمودی {6}


ڕێوڕەسمی ١١ی بانەمەڕ، دەهەمین ساڵرۆژی ڕێکخراوی لاوان {6}


دورەیەکی دیکەی پەروەردە وبارهێنانی پێشمەرگایەتی لەفێرگەی سازمانی خەبات، کۆتایی پێهات {7}


ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهید بێهزاد مەحمودی، لە هەولێر {8}


## پیرۆزبایی کاک بابەشێخی حوسەینی بەبۆنەی بڕیارنامەی١١٨ی کۆنگرەی ئەمریکا.



کۆنگرەی ئەمریکا لە هەنگاوێکی مێژوویدا بریارنامەیەکی دوو حیزبی پەسەند کرد. کاک بابەشێخی حوسێنی سکرتێری گشتی سازمانی خەبات لە پەیامێکدا کە لە فەیسبووکی تایبەتی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە، پەسەند کرانی ئەو بریارنامە دوو حیزبیەی کونگرەی ئەمریکای بە هەنگاوێکی گرینگ و مێژوویی ناوبردووە. کاک بابەشێخ لەو پەیامەیدا وێڕای ئیشارەدان بە ناوەرۆکی پەسەندکراوەکەی کۆنگرەی ئەمریکا، پیرۆزبایی بە ڕێبەریی مقاومەتی ئێران و ئەندامانی ماندوونەناسی بەرەی مقاومەتی ئێران پێشکەش کردووە. دەقی پیرۆزبایی بەرێز سکرتێری گشتی سازمانی خەبات:

پەسەندکردن و دەرچونی بڕیارنامەی زۆرینەی کۆنگرەی ئەمریکا بۆ بە ڕەسمی ناسینی مافی خەڵکی ئێران و بە ڕەسمی ناسینی مافی خەڵکی ئێران بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کۆماریی لە سەر بنەمای جودایی دین لە دەسەڵات و حکومەتێکی غەیرە ئەتۆمی لە ئێران، سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ جوڵانەوەی ئازادیخوازی گەلانی ئێران و مقاومەتی سەرانسەری لە بەرانبەر ڕژیمی دیکتاتۆری ئاخوندیدا. ئەو بڕیارنامەیە بە ئیمزای ٢٢٥ ئەندام ونوێنەر لە هەر دو حیزبی دیموکڕات و کۆماری لە ئەمریکا ئیمزا کراو تیایدا پێشێلکرانی مافی مرۆڤ و چالاکی ترۆریستی نێودەوڵەتی لە لایەن دەسەڵاتی ئێران و کردەوەی ترۆریستی بۆ تەقاندنەوەی کۆبونەوەی بەرینی لایەنگرانی مقاومەت لە ٣٠ ژوئەنی ٢٠١٨ لە پاریس کە بۆ پشتیوانی لە ئێرانێکی ئازادو گەلاڵەی ١٠ مادەیی خانمی مریەمی ڕەجەوی بەڕێوە چوو مەحکوم کردوە. هەروەها چەندین کردەوەی جینایەتکارانەی دەسەڵاتی ئاخوندی و خاڵ و بەندی دیکە لەو بڕیارانامەدا دەست نیشان کران و بە توندی حکومەتی جینایەتکاری ئاخوندی لە پێوەن بە جینایەتی بەردەوام لە بەرانبەر خەڵکی ئێران مەحکوم کرا. بڕیارڕنامەی ١١٨ی مەجلیسی نوێنەرانی ئەمریکا ئیشارەی بە بێ بەشی خەڵکی ئێران لە مافە سەرتاییەکان و نەبونی ئازادی کردوە، هەر بەو هۆیەوەو دیکتاتۆری سەڵتەنەتی و شاهەنشاییان ڕەد کردەوەو هەروەها دژایەتیان لە گەڵ دیکتاتۆری مەزهەبی دەربڕی. بەم بۆنەوە، پیرۆزبایی گەرم بە ڕێبەری مقاومەتی ئێران تێکۆشەران لە جوڵانەوەی سەرانسەری ئێران پێشکەش دەکەم.

بابەشێخ حوسەینی، سکرتێری گشتی سازمانی خەبات،یکوردستانی ئێران.

## یەکیەتی ئورووپا، بازرگانی نێوان کۆمپانیا ئورووپاییەکان لەگەڵ ڕژیمی ئێران تاوتوێ دەکات

ڕۆژی چوارشەممە 22 ی بانەمەڕ, ڕاوێژکاری باڵای دادگای یەکێتی ئورووپا, باسی لەوە کردووە کە ئەگەر کۆمپانیا ئورووپاییەکان بە هۆی ترس لە سزاکانی ئامریکا , گرێبەستی خۆیان لەگەڵ بانک و شیرکەتە ئێرانییەکان هەڵوەشاندبێتەوە, لەگەڵ کێشەی یاسایی ڕووبەڕوو دەبنەوە.ئەم بۆچوونە لەسەر بڕیاری ساڵی 2018 ی سەرۆک کۆماری ئەوکاتەی ئامریکا (دۆناڵد ترامپ), کە بە پێی بڕیارێکی ئەو ئامریکا بە شێوەی یەک لایەنە لە بەرجام هاتە دەرەوە , دەرکراوە.بەپێی ڕاپۆرتی ئاسۆشێتد پرێس, لەو کاتەدا بە مەبەستی پاراستنی قازانجەکانی ئورووپا لە ئێران , یەکێتی ئورووپا بڕیارنامەیەی پاراستنی نووسی, کە بە پێی ئەم بڕیارنامەیە 27 وڵاتی ئەندام لە یەکێتی ئورووپا ئەگەر لە ئێران سەرمایەگوزاری بکەن , سزا نادرێن. بەڵام هەندێک لە شیرکەتە ئورووپاییەکان کە زۆرتر لەگەڵ ئامریکا بازرگانییان هەیە ، بۆ ئەوەی نەکەونە بەر گەمارۆکانی.دادوەری گشتی جیرارد هۆگان,تەئکیدی دەکاتەوە کە کۆمپانیا ئوروپاییەکان, دەبێ بۆ هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکانیان لەگەڵ شیرکەت و بانکەکانی ئێران , هۆکارێکی پتەویان هەبێت و دەبێ بیسەلمێنن کە هۆکارەکەیان ترس لە ئامریکا نەبووە.



**تا ستەمم لە سەرە ڕێی خەباتم لەبەرە**

**تێکۆشان.** ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە : {330} ساڵی سی و شەشەم . 30 بانەمەڕی 1400 ی کۆچی خۆری .20 ئاوریلی 2021 زاینی

# سەرنجێک لەسەر شەری غەزە و ئیسراییل!



دوانیوەڕۆی دووشەممە 20ی بانەمەڕی 1400ی هەتاوی، بۆ جارێکی دیکە پەلاماری مووشەکی حەماس و جیهادی ئیسلامی بۆ سەر خاکی ئیسراییل دەستی پێ کردەوە، لە بەرامبەریشدا ئیسراییل هێرشی کردە سەر نەواری غەزە و بۆردومانی ئەو شوێنانەی کرد کە حەماس و جیهادی ئیسلامی لێی جێگیرن. لە ئەنجامی ئەو هێرشانەدا تا ئێستا 56 کوژراو 350 بریندار لە غەزەییەکان و کوژراوێک و چەند ئیسراییلیش بەهۆی مووشەکەکانەوە بریندار بوون. پرسی فەلەستین یەکێک لە پرسە جیهانیەکانە و ساڵانێکە بێ چارەسەر ماوەتەوە، سەرنەکەوتنی پرسی فەلەستینیەکان هۆی زۆری هەیە بەڵام ئەوەی لە ئێستادا پێویستە زیاتر پەنجەی لەسەر دانرێ ئەوەیە کە وێڕای ئەوەی فەلەستینیەکان مافی خۆیانە وەڵاتیان هەبێ و ڕازیبوونێکی نێونەتەوەیی بۆ دوو دەوڵەتی ئیسراییل و فەلەستین بوونی هەیە و لە کۆڕی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا دیانی پێدانراوە. بەڵام لایەنی فەلەستینی لە کۆنەوە بەو قەرارە رازی نەبوون، بەتایبەت حەماس و جیهادی ئیسلامی بە دەسیسەی دەرەکی زیاتر کێشەیان بۆ ئاشتی و سەرخستنی پرسی فەلەستین ساز کردووە و هەتا هاتووە هەل و دەرفەتی زۆریان لە دەست داوەو بەدرێژەدانی کێشەکەش بەشی زۆری زیانەکانیش بەشی خەڵکی سڤیلی غەزە بووە.یەکێ لەو هۆیانەی بوونە هۆی لەدەست دانی دەرفەتەکان، پشتبەستنی حەماس و جیهادی ئیسلامی بە لایەنی دەرەکی و بەتایبەت رژیمی ئاخوندی ئێران بووە. ئەو رژیمەش تەنیا بۆ قازانجی خۆی بە کاری هێناون و پشتیوانی لە فەلەستین تەنیا ڕووکەشێک بووە بۆ گێرەشێوێنی و ئاژاوەنانەوە، بۆ ئەو مەبەستەش رژیمی ئێران بە دابین کردنی پووڵ و چەکوچۆڵ بۆ حەماس و جیهادی ئیسلامی، هەر کات بە پێویستی زانی بێ بەکاری هێناون و ئاگری شەڕ پێ خۆش کردوون، لە ئاکامدا پاشەکشەی زیاتری پرسی فەلەستینی لێ کەوتووەتەوە.لە بەرامبەریشدا ئیسراییل وێڕای دیفاع لە خۆی لە بەرامبەر حەماس و جیهادی ئیسلامی، هاوکات ئەوەندەی ڕێ دەستی هەبووە پەلاماری فیتنە گەورەکەی داوەو زیانی جەرگبڕی لێداوە.

ئیسراییل لە سوریە تەنگی بە هێزەکانی رژیمی ئاخوندی هەڵچنیوە و زیانێکی زۆری پێگەیاندوون. هاوکات ئیسراییل ڕۆڵی هەبووە لە کوشتنی گەورە تیرۆریست قاسمی سلێمانی، فەخریزادە، زانایانی ئەتۆمی رژیم، لەکار خستنی بنکەی ناوکەیی نەتەنز و هێرشی ئەلکترۆنی بە مەبەستی پەکخستنی بەرنامەی ناوکەیی رژیم، بوونە هۆی ئەوەی کە رژیم هەرەشەی تۆڵەکردنەوە بکات و کاردانەوەی هەبێ، ئەگەرچی رژیمی ئاخوندی توانای رووبەرووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئیسراییلی نیە، بەڵام بەناوی تۆڵەکردنەوە لە ئیسراییل بە ڕێگەی تاقم و گروپە تیرۆریستەکانەوە، لەدوای جەژنی ئورشەلیم و ڕۆژی قودس!ئەم ئاگرەشی هەڵگیرساند و خەڵکی سڤیلی غەزەی تووشی نەهامەتی و کارەساتی زیاتر کرد.ئەوەی لە غەزەی و ئیسراییل روو دەدا جێی داخی هەموو وێژدانێکی زیندووە، بەڵام خاڵی جێی سەرنج هەڵوێستی تاکی کوردە لە سەر رووداوەکانی فەلەستین و ئیسراییل! زۆر کەس تەنیا لە ڕووی تەعەسوبی دین یان هەندێ لە ڕووی نەیاریان بۆ دین، یان کەسانێک بە هۆی هەندێ هەڵوێستی سیاسی لایەنەکانی دەرگیر، بە گەرمی پشتیوانی دەکەن یان ئەوەی بەتوندی دژن.بە ڕای من فەلەستینیەکان مافی خۆیانە بەدوور لە دەستی دەرەکی بەشێوە رێگەپێدراوەکان خەبات بکەن بۆ هاتنەدیی مافەکانیان.







بەڵام ئەوەی حەماس و جیهادی ئیسلامی دەیکەن نەک خەبات نیە بۆ چارەسەری پرسی فەلەستینیەکان، بەڵکوو بە کردەوە بوونەتەوە جێبەجێکاری بەرنامە و ئەجینداى رژیمی ئاخوندی، بەو شێوە کارکردنەشیان جوێ لە قوربانی مرۆیی و زیانە مادیەکان لە غەزە، هیچ ئاکام و نەتیجەیەکی سیاسی پۆزەتیڤ و ئەرێنیان بۆ پرسی فەلەستین وەدەست نەهێناوە، بە پێچەوانەوە پشتیوانی نێونەتەوەیی و ناوچەییان زیاتر لەدەست داوە و پشتیوانەکانی دوێنێی پرسی فەلەستین ئەورۆ دۆستی نزیکی ئیسراییلن و بوونەتە خاوەن بەرژەوەندی و قازانجی هاوبەش و فەلەستین ئەو سەنگ و قورساییەی لە ساتو سەودا سیاسیەکاندا نەماوە.خۆ کردنە تەرەف لە ڕووداوێکی وەک شەڕ و تێکگیرانی ئیسراییل و فەلەستین کە هیچ قازانج و بەرژەوەندیەکی بۆ پرسی نەتەوەیی کورد و بزوتنەوەکەی نیە، لە لایەک فوکوسمان لەسەر پرس و خەباتە نەتەوەییەکەی خۆمان و دژایەتی رژیمی ئێران کەم دەکاتەوە و لەلایەکی دیکە هێزی مرۆییمان ئەوندەی دیکە دابەش دەبێ.فەلەستینیەکان ئەگەر یەک دژمنیان هەیە ئێمەی کورد چوار حکومەت بە هەموو توانا و بە هەر شێوەیەک بۆیان دەست دەدا دژایەتیمان دەکەن. جا بۆیە کورد پێویستە بەو کەرەستە و توانایەی هەیەتی خۆی بۆ پرسەکەی خۆی تەرخان بکات، هاوکات نەک بەسەر دین و مەزهەب و ئەفکاردا دابەش نەبین، بەڵکوو لەگەڵ ڕێز بۆ دین و مەزهەب و ئەفکاری خەڵکەکەمان، قازانجە نەتەوەییەکان و بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان خاڵی هاوبەش و کۆکەرەوەمان بێ.کۆتا خاڵ ئەوەیە کە پرسی فەلەستین دەتوانێ دەرسێکی گرینگمان بداتێ ئەویش ئەوەیە کە خەبات و شۆرشی هەر نەتەوەیەک پشتی بە لایەنی دەرەکی بەست، نەک هەر سەرکەوتوو نابێ، بەڵکوو دەبێتە زیان بۆ خاک و خەڵکەکەی.

# پێشمەرگە و لایەنگر تەواوکەری یەکتر و سەرمایەی مرۆیی سازمانەکەیانن

ماردین زاهیدی



هەمووومان باش دەزانین کە هۆکاری پەیوەست بوونی کەسەکان بە سازمان و حیزبە سیاسیەکان بەهۆی نەبوونی ئازادی و چەوساوەنەوە بە دەستی ڕژیمی گەندەڵ و خوێنرێژی ئاخوندی ئێران و لەسەر باردۆخی نالەباری ژیانە. خەڵکی کوردستان میللەتێکی چەوساوەی دەستی ڕژیمی ئاخوندیە و باری ئابووریان باش نییەو تا زۆرترین ڕادە بەدەستی ئەو حکومەتە خوێنرێژە وەزاڵە هاتوون و بەشێک لەو خەڵکە کە توانیویانە پەریوەی دەرەوەی وەڵات بوون و بە ناچار ملیان داوەتە ژیانی تاراوگە و دیاسپۆرا، و بەشێکی دیکەش کە بڕیاری بەرەنگاری ئەو دۆخە سەپاوەیان داوە لە ڕیزی هێزە شۆرشگێڕەکانی کوردستاندا جێگیر بوون و خەباتیان کردووەتە پیشەی خۆیان و بەپێی توانا هەوڵ دەدەن بە موبارزەیەکی شیاو و ڕەوا بەیەکجاری کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاخوندان بێرن. هەر بۆیە پێشمەرگایەتی هەر بەوجۆرە کە لە ناوەکەیدا دیارە بۆ خەبات و ڕزگاریخوازی گەل و نیشتمانەو لەگەڵ سەوداو بازرگانی زۆر جیاوازەو بە خۆبەخش پێناسە دەکریەت. هەر بۆ ئەووسە ئەو کەسەی ئەوێتە پێشمەرگە لای نەتەووە ئازادیخوازان بەچاوی ڕێز تەواشای ئەکریەت و پێشمەرگە دەبێتە سەرمەشقی ژیان و سومبولی قارەمانی و فیداکاری. زۆرجار وا پێش هاتووە بە هۆی کێشەگەلێکی تایبەت، ئەو کەسەی پێشمەرگەیە ناتوانێ درێژە بە کار و ئەرکە تەشکیلاتی و پێسپێردراوەکانی بات و لە ڕیزی پێشمەرگایەتی دەچێتەدەر و دەبێتە لایەنگر. لایەنگر لەگەڵ ژیانی تایبەتی خۆی سۆز و پایبەندی بۆ تەشکیلات و ڕێبازەکەی ئەمێنێ و لە هەندێ کار و چالاکیدا دەچنەوە بە دەم سازمانەکەیان و بەپێی فرسەت و تواناکان ئەرک ئەگرنە ئەستۆ. ئەرکی پێشمەرگە و لایەنگر لەوەدا لەیەک جیا دەکرێتەوە، واتە مادام کە تۆ پێشمەرگە بیت لە چوارچێوەیەکی دیاری کراو و یاساو سیاسەتی تایبەت بە پێشمەرگە و لایەنی سیاسی خۆت پەیڕەو دەکا. ئەو ئەرکانەی پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگر گرێ دەدا بە یەک ئوسولە تەشکیلاتیەکانی سازمان و ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کوردە، هەر بۆیە پێشمەرگە و لایەنگر لە ئامانجە یەکن بەڵام لە چۆنیەتی کارکردن و تێکۆشان و ماف و ئەرکدا جوێ دەکرێنەوە. کۆتا قسە ئەوەیە کە ڕۆڵەکانی کورد پێویستە لە پێناو ئامانجەکاندا ڕێگەی خەبات و مقاومەتی ڕەوای نەتەوەکەیان بگرنەبەر و لە هەر دۆخ و شەرائیتێکدا بن ئامانج و سازمانەکەیان ئەولەویەتە بۆیان و بەتایبەت پێشمەرگە و ئەندام و لایەنگرانی ئاشکرای سازمان کە پەریوەی دەرەوەی وەڵات بوون وەکوو سەرمایەی مرۆیی گرینگ و کاریگەر، بۆ بردنە پێشی سازمان و ئامانجەکانی کار دەکەن.

# پەنابەرێکی کورد لە بەردەم UN لە شاری هەولێر، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا

کەسێک لە پەنابەرانی کورد، نیشتەجێی شاری هەولێر،کە لایەنگری سازمانی خەباتە، چەندین جارسەردانی نوسینگەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەکات، لە شاری هەولێر و داوا دەکات کە بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاوکاری بکرێت، بەڵام وەڵامی نادرێتەوە. سەرەنجام بە داخەوە نیوەڕۆی ئەمرۆ سێشەممە 2021-5-18 لە پاش سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتوەکان بە بەرپرسانی بارەگاکەی ڕاگەیاندوە، ئەگەر بێت و هاوکاری نەکرێت و داواکارییەکانی جێبەجێ نەکرێت، خۆی دەسووتێنێت. یەکێک لەو دوو پەنابەرە بە ناوی محەممەد، لەبەردەم چاوی چەند ڕاگەیاندنێک ئاگر لە خۆی بەردەداو ئەو ئەندامەی دیکەش لەکاتی کوژانەوەی ئاگرەکە بە شێک لە جەستەی دەسوتێ.جێی ئاماژەیە دوای نیوکاتژمێر لە ڕووداوەکە، ئەمبولانسێکی بارەگای نەتەوە یەککرتووەکان ئەو پەنابەرەیان گواستووەتەوە نەخۆشخانەی ئیمێرجێنسی و دۆخی تەندروستی ناجێگیرە.



# پیرۆز بێ یادی 123 ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی{ کوردستان }

ڕێبوار حوسەینی





له ڕەوتی دیرۆکی بەرەو پێشچوونی گەلانی دونیا دا، زۆر ڕووداوی جێگای سەرنج هەن کە تا مرۆڤایەتی مابێ،گرینگی و بایەخیان دەمێنێ و لە ناو هەر گەل و نەتەویک دا دەبنە سەرەتا و دەلیوەیک بۆ خۆ دەرخستن و خۆناساندن و هەڵدان و بەرەو سەر چوون. لە دووتوێی لاپەڕەکانی دیرۆکی گەلی کوردیش دا ئەو ڕۆژە مێژوویی و پڕ بایەخ و بەرچاوانە زۆرن کە شیاوی ئەوەن نەوە لە دوای نەوە یادیان بکاتەوە و پیرۆزی و بەرزیان وەک شانازێکی نەتەوایەتی ڕابگرێ. یەکێک لەو ڕۆژە پڕشنگدارانەی دنیای زانستخوازی نەتەوەکەمان، ڕۆژی ٢٢ی ئاپریلی ساڵی 1898ی زایینی یە، کە لەو دا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی ،،کوردستان،، چاپ و بڵاو کرایەوە. لەم ڕۆژەدا خەمخۆران و ڕووناکبیر و شارەزایانی بواری ئەدەب و فەرهەنگ و زمانەوانی کوردی، چالاکانە و بەکردەوە هاتنە ناو سەنگەری خەباتی نەتەوایەتی و نیشتمانی و زانستخوازی و ڕۆژنامە نووسی گەلەکەمانەوە و بە هەست کردن بە پێویستی و دەوری ڕۆژنامەگەری لە پێناو پێشخستن و ناساندنی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان لە ناو خۆ و دەرەوەدا، زۆر باش هەستیان بەوە کردبوو کە ڕۆژنامە نووسی تا چەندە لە پێناوو ڕووناکبیری نەتەوەیی دا گرینگی هەیە و ناکرێ لێی بێ خەم بن و نەکرێتە چەک و ئامرازێکی بەهێز و کاریگەر لەو پێناوەدا.

ئەو هەست و سۆزی نەتەوەییە لەو سەردەمەدا، هانی ڕووناکبیران و زانایانی بواری زمان و ئەدەبی کوردی دا بۆ ئەوەی بکەونە چالاکی و تێکۆشان لە پێناو نووسین و بڵاوکردنەوەی وتار و گۆڤار و ڕۆژنامە بە زمانی شیرینی کوردی. بەڵام لە هەل و مەرجەی ئەو کاتی کوردستان دا و بوونی دەسەڵاتی دژە زانست و پێشکەوتنی گەلانی ناوچەکە، واتە دەسەڵاتی عوسمانیەکان، لە ژێر فەرمانڕەوایی سوڵتان عەبدولحەمید دا، ئەو دەرفەتەی نەدەدا کە لە کوردستان ، یان لانی کەم لە پێتەختی دەسەڵاتیان کە ئەستەنبوڵ بوو، ڕۆژنامەیک بە زمانی کوردی دەر بچێ. هەر بۆیە بەناچاری، خەمخۆران و دڵسۆزانی کورد هەوڵیان دا ئەم ئەرکە پیرۆز و بەنرخە لە دەرەوەی کوردستان و بە دوور لە دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان بەڕێوە ببن.

لە کەش و هەوای سیاسی ئەو سەردەمەدا گونجاوترین شوێن بۆ ئەم کارە پیرۆزە ، وڵاتی میسر بوو کە لەژێر دەسەڵاتی محمد علی کبیر دا بەڕێوە دەچوو کە ئەویش لە ساڵی 1805-1849 لە ژێر دەستەیی عوسمانیەکان دا بوو،و ڕزگاری ببو و ببوە شوێنێک بۆ حەوانەوەی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازانی نەتەوە جیاجیا و وەزاڵەهاتوەکان لە حوکم و دەسەڵاتی ئیمپراتۆری عوسمانی و دسەڵاتی تەختی تاوسی قاجاریەکان. بنەماڵەی دڵسۆز و خەباتگێڕی بەدرخانیەکان کە لەو سەردەمەدا خاوەن پلە و پایەی خوێندەواری و ڕووناکبیری بوون، لە ڕۆژی پێنج شەممە 22ی ئاپریلی ساڵی 1898ی زایینی، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی بەناوی کوردستان لەلایەن ڕووناکبیری بە هەست و دڵسۆزی نەتەوە و نیشتمان،، میقداد بەدرخان لە شاری قاهیرەی پیتەختی میسر لە چاپخانەی" ئەلهیلال" دەر چوو. دەرچونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی کوردستان، بە دوو زمانی کوردی و تورکی، بوە زمانحاڵی گەلی کورد و خەباتە ڕەواکەی لە پێناو ئازادی زمان و فەرهەنگی کوردی دا و سەرەڕای ئەوەی کە بە ئاوارەیی کاری دەکرد لە ماوەی دوو مانگ دا پێنج ژمارەی لێ چاپ و بڵاوکرایەوە. بە هۆی دژایەتی دەسەڵاتی عوسمانی لە ڕێگەی بەکرێگیراوانیانەوە، بەڕێوەبەرانی ئەم ڕۆژنامە تاقانە کوردیە، ناچار بوون بۆ درێژەدان بە ئەرکی پیرۆزیان شوێنی چاپی ئەم ڕۆژنامەیە بگوێزنەوە بۆ شاری ژنێڤ پێتەختی وڵاتی سویس و لەوێ لە لایەن عەبدولرەحمان بەدرخان برای میقداد بەدرخانەوە چاپ و بڵاو دەکرایەوە. پاشان بۆ شاری لەندەن و دوایە بۆ شاری فالکستۆن لە خواروی بریتانیا گوێزرایەوە و لە دوای ماوێک برایەوە شاری ژنێڤ و تا کاتی بڵاو بوونەوە ژمارە 31 ئەم ڕۆژنامەیە لە ساڵی 1902 هەر لەوێ مایەوە.لە دوای شۆڕش و ڕاپەڕینی ساڵی 1908 ، سورەیا بەدرخان کوڕی ئەمین عەلی بەدرخان سەرپەرەستی ڕۆژنامەکەی لە ئەستۆ بوو ,ڕۆژنامەکەی هێنایەوە تورکیە و شاری ئەستەنبوڵی کردە جێگای بڵاوکردنەوەی ، بەڵام لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی دا ناچار بوو سەر لە نوێ، بیباتەوە قاهیرە و هەر مانگەی دوو ژمارەی لێ چاپ و بڵاو بکاتەوە. لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی ، ڕۆژنامەی کوردستان بۆ جاری چەندەم هێندرایەوە تورکیە و کرا بە گۆڤارێکی نوێی و لە ئەستەنبوڵ چاپ و بڵاو دەکرایەوە.

بە خوێندنەوە و سەرنج دا بە لاپەڕەکانی ئەم ڕۆژنامە کوردی دا دەردەکەوێ کە ڕۆژنامە و میدیای دڵسۆز و دوور لە چەواشەکاری و بەرژەوەندیخوازی، چەندە کاریگەری لە سەر پێشخستنی شۆڕش و زانیاری دان بە کۆمەڵانی خەڵک و بردنەسەری رادەی زانستی و پەرەپێدان و زیندو ڕاگرتنی هەستی نیشتمانی و پێگەیاندنی نەوەی بەرپرسیار و دڵسۆز دا، لە ڕاستای گەیشتن بە رزگاری نەتەوە و ئاوەدانی نیشتمان دا دەوری ئەرینی و بەرچاوی هەیە. وێڕای بە پیرۆز ڕاگرتنی ئەم یادە پیرۆزە، هیوادارم تێکڕای میدیای کوردی خەمخۆری فەرهەنگ و کلتور و ئەدەبی نەتەوایەتیمان، بە هەست و سۆزی نەتەوایەتی وپاراستنی بەها بەرزەکانی زمان و فەرهەن و کلتوری کوردەواری،کار بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی میدیای نەتەوەکەمان بکەن لە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن وەک دەنگ و ڕەنگ و نووسین و نواندن دا،ببنە ئاوێنەی بالا نوێنی ڕاستیەکان و بە دوور لە چەواشەکاری و بزرکاندنی کلتور و فەرهەنگی کوردی خزمەت بە کلتور و فەرهەنگ و ڕووناکبیری نەتەوایەتی کورد و کوردستان بکەن. ڕێگە نەدەن بێستان و باغچە و دێبەری زمان و ئەدەبی ڕووناکبیری نەتەوەکەمان بژار و ئافەت و گیاکەڵەی فەرهەنگ و ئەدەبیاتی نەخوازای بێگانان، سیس و ژاکاوی بکا و ، نەهێڵن کۆگای سووری خەرمانی بەرێژەوی زمان و کلتور و فەرهەنگمان کە شوناس و هۆوییەتی نەتەوایەتیمانن ، چەوەڵ و چەقڵ و چەوێڵی تیکەوێ و بێ پێز و بی هێزی بکات.

پیرۆز بێ یادی 123 ساڵەی دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردی،، کوردستان.

# لێدوانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەبات لە پەیوەند بە وتووێژی جەواد زەریف



له چەند ڕۆژی ڕابردوو دا پەیامێکی دەنگی جەواد زەریف وەزیری دەرەوەی ڕژیم لە ڕاگەێنە گشتیەکان بڵاو کرایەوە، کە ئەو لێدوانە پێناسەی دارماوی و بێ سەرەوبەرەیی دەسەڵاتدارانی ڕژیم دەکا و خودی زەریف ڕایگەیاند کە ئەو لێدوانانە نهێنی بوون و قەرار نەبووە بڵاو وەکرێن.بڵاوبونەوەی ئەم وتووێژە نهێنیەی ڕژیم دەرخەری نمایشێکی دەسەڵاتە بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکان و ئەو هەلومەرجەی کە دەسەڵاتی تێدایە،و هەلومەرجێک کە ڕوخان و لە ناوچونی دەسەڵاتی تێدا بەرچاو دەکەوێ.

١.جەواد زەریف بە باس کردنی هێندێک لە ڕاستیەکان کە حکومەت و بەشی ئیجرایی و بە تایبەت وەزارەتی دەرەوەی ڕژیم دەسەڵاتیان نیە، ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە ئەگەر خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ڕژیم بپاڵێوێ، بازار گەرمی بۆ خۆی و بە شێوەی گشتی تر بۆ شانۆی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری داهاتوی ڕژیم بکات.

٢. وەزیری دەرەوەی ڕژیم باس لە ناکۆکی خۆی لە گەڵ فەرماندەی ترۆریستی قودس، قاسم سلێمانی دەکات. ئاشکرایە کە ناکۆکی لە نێوان باڵەکانی ڕژیم و زەریف و قاسم سلێمانیدا هەبووەو هەیە، سەرەڕای ئەو ناکۆکیانەش باڵەکانی ڕژیم لە کاتی مەترسیەکان بۆ سەر پێکهاتەی دەسەڵات، یەکگرتوون و ناکۆکیەکان لە بیردەکەن. بەڵام ئاشکرایە کە قاسم سلێمانی دەست ئاوەڵەتر بووە لە بڕیارو لە کاروباری سیاسەتی دەرەوەی ڕژیمدا.زەریف زۆر پێش لە ناوچوونی قاسم سلێمانیش ئەو ڕاستیەی زانیوە بەڵام بەو حاڵەش بەردەوام بووە لە کارکردن، بەو پێ یە قسەکانی زەریف لە دوای لە ناوچونی قاسم سلێمانی بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە بە ئەمریکاو وولاتانی ئوروپایی ڕابگەێنێ کە حکومەتی ڕوحانی جیاوازە لە خامنەیی و باڵی خاوەن هێزی دەسەڵات، بەو قسانە مەبەستیە هانیان بدات ئابلۆقەکان لە سەر ڕژیم هەڵگرن.

٣. لە بەشێک لە قسەکانی زەریف باس لە ئامانجەکانی ڕوسیە لە پێوەندیەکانی لەگەڵ ڕژیمی ئێران دەکات و دەڵێ ڕوسیە هێزی سپای پاسدارانی بۆ هێنانە دیی ئامانجەکانی لە سوریە بەکار هێناوەو هەروەها ڕوسیە خوازیاری ڕێکەوتنی حکومەتی ئەمریکاو حکومەتەکانی ئوروپایی لە گەڵ دەسەڵاتی ئاخوندی نەبووە، ئەو بەشە لە قسەکانیشی بەو ئامانجەیە کە لە لایەک لایەنی خاوەن هێز لە دەسەڵات هانبدات جارێکی دیکە لە گەڵ وولاتانی ڕۆژئاوایی بسازێن و خامنەیی ناچار بکات نەرمی قارەمانانە (دامـاوانە) لە بەرانبەر ئەمریکا لە خۆی نیشان بدات.

٤. ماوەی وتووێژی جەواد زەریف لە گەڵ سەعید لەیلاز حەوت سەعاتە بەڵام سێ سەعاتی بڵاو کراوەتەوە کە ئەوەش دەرخەری ئامانجی تایبەتی باڵەکانی دەسەڵاتەو ڕەنگە یەکێک لە ئامانجەکان ڕێکەوتنی باڵەکانی دەسەڵات ئەوە بێ جەواد زەریف بکەنە قوربانی بۆ رزگار بوونی ڕژیم لەو هەلومەرجە حەستەمانەی تووشی هاتووە.

٥. ئامانجەکانی دەسەڵات لە بڵاو کردنەوەی ووتوێژی جەواد زەریف هەرچی بێ، بۆ ڕای گشتی ئەو ڕاستیە دوبارە دەبێتەوە کە دەسەڵات لە ئێران لەرزۆکەو ناتوانێ لە قەیرانەکان دەربازی بێ و تەنانەت ئەگەر ئەمریکا بەشێک لە ئابلۆقەکانیشی لەسەر هەڵگرێ، لە ڕوخان و لە ناوچوون ڕزگاری نابێ.

کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

8ی بانەمەڕی 1400

# ڕاپۆرتێک لەسەر بارودۆخی کرێکارانی کوردستان و ئێران لەماوەی ساڵی ٩٩ تا ١٤٠٠

یەکی ئایار, دەرفەتێکە بۆ سەرنجدان و چاوخشاندنێک بەسەر بارودۆخی چینی کرێکار و کێشە و گرفتی لە ڕادەبەدەری ئەو چینە لە بوارەکانی حەقدەست و کێشە سنفییەکان , دوواکەوتنی حەقدەست, ئەمنییەتی کار و هەروەها مافی پێکهێنانی یەکیەتی کرێکاران.بە پێی ڕاپۆرتێکی هەواڵدەری هەنگاو ، لە یەکی مەی ساڵی 1399 تا یەک م 13ی ساڵی 1400 ، 716 کرێکار لەگەڵ ماف پێشێلکردن وەبلەو ڕێژەیەش 68 کرێکار بەهۆی ڕووداوی کار گیانیان سپاردووە, 16 کرێکار کوژراو وبریندار بوون, 255 کۆڵبەر و کاسبکاری کورد کوژراون و بریندار بوون, هەروەها 354 کرێکار لە کارەکانیان دەرکراون.لەم ماوەیەدا نزیکەی 5 کرێکاری ژێر 18 ساڵ گیانیان سپاردووە کە چوارکەسیان بەهۆی کۆڵبەری و یەک کەسیان بەهۆی ڕووداویهەروەها لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوو لانی کەم 7 چالاکی کرێکاری کورد و 11 کۆڵبەر لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ڕژیمەوە گیربە پێی ڕاپۆرتی ڕێژەیی چالاکانی مافی مرۆڤ, لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوو دا لە ئێران 9367 کرێکار کوژرا و بریندار بوون, لانی کەم 7577 کرێکار لە سەر کار بریندار بوون و 1790 کرێکار گیانیان سپاردووە, سەرەڕای ئەوەی کە ئەم ڕێژەیە جەندە دڵتەزێن و گرنگە بەڵام بەرپرسانی ڕژیم ناهێڵن ڕێژەی ڕاستەقینە بڵاو ببێتەوە.بەپێی ئاماری ڕێکخراوی پزیشکی یاسایی, لە دە ساڵی ڕابردوو, 15 هەزار و 997 کرێکار لە ڕووداوی کار گیانیان سپاردووە و 15 هەزار و 767 کەسیان پیاو و 230 کەس ئافرەت بوون, واتە ساڵانە 1600 کرێکار بە هۆی کار گیانیان سپاردووە.



تێکۆشان. ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران. ژمارە : {330} ساڵی سی و شەشەم . 30 بانەمەڕی 1400 ی کۆچی خۆری .20 ئاوریلی 2021 زایینی



# یادی سەرووەران.






## سەرووەری گەل: شەهید عومەر بەهرامی

ڕۆژ یەک بە دوای یەکدا تێدەپەڕن و لە بەستەی مانگانەدا دەچێندرێن و لە سندوقی ساڵانەدا دەهاوێژرێن. هەر ڕۆژە هەنگاوێکە بەرە و مەرگ و برانەوە و هەر مانگە وچانێکە لە ڕێی ژیاندا بەرە و نەمان و هەر ساڵە مەنزڵگەیەکە بۆ پشوودان و چاو گرم کردنێکی ڕێبوارانی ڕێی مەرگ. ژیان هەر ئەوەندەی خۆشە کە دەست پێ دەکەی لەو بەدوا پەیتا ڕووداو و مەترسی دەنگت دەدەن بۆ سەفەربۆ بیابانی لە بڕان نەهاتووی مەرگ. ئەو مەرگەی کە زمان دەبەستێ و دڵی پێ زیندوو دەبێتەوە. ئەو مەرگەی کە ناوی مەرگە و بەڵام ژیانی بێ مەرگی پێوەیە. ڕۆژگار یەک لە دوای لەیەک هەنگاون بەرە و نەمانی رواڵەتی و هەر هەنگاوە نێ,انی تا مەرگ کەم دەکاتەوە، ژیان دەبزوێ و تاوێک ناوەستێ. دەڵەی زۆر بە پەلەیە کە بگاتە مەرگ. دەڵەی لێی تووڕەیە و دەیەوێ لە ناوی بەرێ، بەڵام ژیان خەیاڵی خاوە، مەرگ لەگەڵ هێزی ژیان نەبڕاوە، هاوپەیمانە، مەرگ دوژمنی ژیانی ڕاستەقینە نییە، بەڵکو دەرکەوانی دەروازەی ژیانی لەبن نەهاتووە چەند خۆشە کە بە ڕووسوور و سەربەرزی و شانازییەوە لەو دەروازە تێپەڕێ و لە جیهانی نەبڕاوەدا ڕوو بکەیتە وڵاتی سەربەرز و ڕووسووران. چەند خۆشەی کە بەرگەی تێپەڕبوون بۆ وڵاتی بەختەوەرانت بەدەستێکەوە بێت و بەرگەی مانەوەش بە دەستەکەی تروە بێت. ئای چەند خۆشە ڕوو بکەیتە ئەوانە کە لە ژیانی کەم تەمەندا سەریان لێ نەشێواو و لە بیری پاشە ڕۆژی خۆیاندا بوون، ژیانیان بۆ چاکەویست و بەرهەمی چاکەیان لێوەرگرت. ئەم ژیانە کورتەیان کە سەردێری ژیانی نەبڕاوەیە بە چاکە و لە قازانج بوردوویی ڕەنگاند. تا مەبەستیش کە ژیانی نەبڕاوەیە، وە بێتەوە. چاکە چەند زۆرن و چەندەی ڕێگر و بەرگر لە ڕێدان، کێ بێ بچێ گوڵی چاکەیەک بچنێ و درکی گوناە و تاوان لە پەنجەی هەڵ نەچەقێ؟ وەک لەلای گوڵ درک هەیە لەلای چاکە گوناە هەیە. تۆ بلێی چاکەیەک هەبێ کە یەک دانە بێ بەڵام بڕی هەموو چاکەیەک کەوێت و درکی گوناە ئاگردا. چاکەیەک بێت کە خەڵک لە ژێر سێبەریدا بحەسێنەوە. سەبوونی ستەم ڕادا و بارانی ڕەحمەت و دادگەری بە دوادابێ، چاکەیەک بێت کە بایەخ بدا بە ژیانی خاوەنی و ڕووی پێ لە کۆڕی بەختەوەرانی ئەو جیهانە بکات. بەڵێ هەیە. چاکەیەک لە ڕێی ئینساندا کە بۆ بەختەوەری هەڤاڵان پەلە لە ژیانی کورتی خۆی دەکاو گیانی لە پێناو دادگەری و لاچوونی ستەم و دابین بوونی عەداڵەتدا دادەنێ، شەهادەت کە بەرگی سوور و لەشی لە خوێندا شەڵاڵ، بەرگەی تێپەڕبوونە لە دەرگای مەرگەوە بەرەو وڵاتی بەختەوەران،لە پێغەمبەران و پیاوچاکان، دەڵێن ئەو کەسەی کە گیان دەبەخشێ لە هەموو کەس دلاوەرترە، بەڵێ ئەو کەسەی کە گیان لە پێناو ڕاستی و دادگەری دادەنێ، بە گیان کڕیاری چاکەیە و بە خوێنی گەشی هەموو تاوانی لە خۆ شتۆتەوە، بە تایبەت شەهیدانی کوردستان کە پلەیان بەرزە، چەندە ستەمگەرانی کوردستان پلەیان نزمە و چەندە ستەمگەرانی کوردستان سەر نەوین لە بارەگای خوادا ئەوان ئەوەندە سەربەرزن لە دیوانی پەروەردگاری دادگەردا، شەهیدانی کوردستان کە بۆ ڕزگاری وڵات و ئازادی گەلەکەیان چش لە ژیانی خۆیان دەکەن دەروازەی بەهەشتی بەرینیان بۆ کراوەتەوە بە تایبەت شەهیدانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران کە دڵیان بە نووری ئیمان بە خوا و باوەر بە ڕەوای خەباتەکەیان ڕووناکە گرێەک لە ڕێی خۆیاندا نابینن بەرەو فردەوسی بەرین.

ناویان لە جیهان لە بیر گەل ناچێ. باسی هەر کام دەکەی کە دنیایەک بە باسی ڕووناک دەبێ حەماسەیان حەماسە دەبزوێنێ چالاکیان موچرکە بە لەش دادێنێ، هەر کام ڕۆڵەی بە ناوبانگی کوردستانن. چۆڵەچرای تاریکە شەوی کوردستانن. باسی کام دەکەی کە ئاوازە نەبێ، ئەمڕۆ باسی قارەمانێکی هاوباوەر و هاوسەنگەرێکی خەبات دەکەین کە هەر چەند ماوەی چەند ساڵی لە شەهید بوونی تێدەپەڕێ. بەڵام دیمەنی پڕ لە مەردانەگی لە پێش چاوی هەڤاڵانیدا ڕادەبووری، ئەم قارەمانە کاک عەمەر بەهەرامییە، کەم لاوی بانە هەیە کە ئەو قارەمانە نەناسێ و بە باسی نەتاسێ. کاک عومەر بەهرامی کوڕی ڕەحمان خەڵکی شاری بانە لە ساڵی 1339 لە شاری بانە لە بنەماڵەیەکی ڕەنجکێش لە دایک بوو. دوایی تێپەڕبوونی تەمەنی منداڵی ڕووی لە قوتابخانە کرد و بە وریایی و تێکۆشان درێژەی بە خوێندندا و تا 2ی نەزەری ( دەبیرستان ) خوێند. شەهید عومەر دوایی ڕووخانی ڕژێمی شایەتی و هاتنە سەرکاری ڕژێمی وەلایەتی فەقێ درەندەخوو وە هێرش بردنی هێزی خوێنمژ بۆ سەر کوردستان دڵی پڕ لە غیرەت و ئازادیخوازی هەڵی نەگرت و ئارامی لێ هەڵگرت کە وێرای لاوە بە شەرەفەکانی کوردستان دەست داتە خەباتی چەکدارانە و موبارزە لە زستانی 1358 دا هاتەناو ڕیزی پێشمەرگەکانی دەفتەری مامۆستا شێخ عیوەدین و لە دواییدا سازمانی خەباتیان پێک هێنا. شەهید عومەر لاوێک چۆست و چالاک و وریا و بە جەرگ بوو، ئەرکی پێشمەرگایەتی وەکو خوی سروشتی لەشان سووک بوو شەهید عومەر بە ئیمان بە مافی ڕەوای گەلی کوردەوە هاتە مەیدانی خەباتەوە و بڕیاری دەروونی ئەوە بوو کە لە ڕیزی خەباتدا بمێنێتەوە تا کوردستان سەردەکەوێ یان بە پلەی شەهادەت دەگا. پێی وابوو کە ژیانی لاوانی گەلی چەوساوە کاتێک ژیانە کە لە بەربەرەکانێی دوژمندا بگوزەرێ، بەو بڕیار و بەو باوەڕەوە لە ناو ڕیزدا بوو وە لە هیچ فیداکارییەک خۆی نەدبوارد شەهید عومەر بۆ شەڕی 38 ڕۆژەی پادگانی بانە لە بەهاری 1359 دا بە دڵی پڕ لە شەق و شادییەوە ئامادە بوو و زۆر فیداکارانە تێدەکۆشا تا لە سەعات 9ی شەوی 4/ بانەمەڕ/ 1359 دا بە گولەی خۆمپارەی دوژمنی داگیرکەر پێکرا و سەربەرزی بە خوێنی شەهادەت ڕەنگاو گیانی پاکی دوای نیو سەعات فڕی بۆ کۆڕی شەهیدانی سوور خەڵاتی کوردستان وە تەرمی پیرۆزی برایە گۆڕستانی شەهیدان لە دێی بۆیەنی خواروو.
((هەزاران سڵاو لە گۆڕی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان))




## سەرووەری گەل شەهید قادر ڕەحمانپوور

هیچ گیانێک لە لای خودا و خەڵکەوە بەرزتر لەو گیانانە نین کە لە پێناو وەبەرهێنانی داری دادگەری کۆمەڵایەتیدا، لە کۆختەی گلێنی لەش، دوورکران و پاکتر لەو ئەندامانە نین و نابن کە لە پێناو نەهێشتنی توخمی ستەمدا پێکران، چونکە ئەوان بەڕاستی ئامادەی بە جێهێنانی ئەمری گەل و ژیانی دوور لە چەوساندنەوە بە قیمەتی بوونی خۆیان بۆ خەڵک دەکرن، ئەوانەی کە لە مەیدانی فیداکاریدا سەرکەوتوون، ئەوانەی کە ناوی خۆیان وەک شورەی سەر بەرد، لە دڵی هەموو هەژار و چەوساوەکانەدا هەڵ کەندووە و یادیان لە لاپەڕەی تەمەنی بەشخوراواندا دەمێنێتەوە، ئەو شەهیدانەن کە بە خۆ فیداکردن لە پێناو گەلەکەیاندا دەچنە ڕیزی سەرووەرانەوە، جا بۆ ئەوەی بۆ تێشوی ڕێبازی سەختی شۆڕش دەرسێکی دیکە لە مەکتەبی فیداکاران لە گۆڕستانی ساوان فێربین، ڕوو دەکەینە گوندی قارەمان و شەهید پەروەری ساوان، ناوی ساوان هەر کاتێک کە بەسەر زماندا دێت حاڵەتی تەعزیم و ڕێز بەسەر هەموو کوردێکی کوردپەروەر دادەنێ. ڕێز و کڕنۆش بۆ مەکۆی شەهیدەکان، بۆ گۆڕستان، بۆ دایکان و باوکانی بەجەرگ و نیشتمان پەروەر، بۆ ئەو دایکانەی کە پەڕەی جەرگی خۆیان بڕی و پێشکەش بە شۆڕشی کوردستانیان کرد. بۆ ئەو باوکانەی کە کوڕەکانیان کە هومێد و ئارەزوویان بوو، کردە دیاری بارەگای کوردستان، بۆ برا و خوشک و کەسوکاری شەهیدان. با ئەمجار لە سەر گڵکۆی شەهیدی نەمر لاوی جوانە مەرگ، کاک قادر ڕەحمانپوور پەیمان تازە بکەینەوە، کە هەر درێژە پێدەری ڕێگای پیرۆزی خەباتین و لەسەر بڕیارڕ،ئەو بڕیارە کە دەبێ کورد ئازاد بێ و کوردستان ڕزگار بێ سوور بین، شەهید کاک قادر ڕەحمانپوور لە ساڵی 1339 دا لە گوندی ساوان لە ناو خێزانێکی کوردی کورد خۆشەویست دا هاتە دونیاوە، بارودۆخی ژیانی هەژارانە، شەهید قادری قایم و بە بڕشت و خۆڕاگر بارهێنا بوو، بیری ئازاد بوون لەو بارودۆخەی، کە خەڵکی کوردستان تێیدا ژیاوە، وەک کۆت و زەنجیر، هاڵاوەتە دەست و پێی دانەدانەی ئەندامانی کۆمەڵانی کوردەواری، هانیدا بێتە ناو ڕیزی پڕ لە شانازی پێشمەرگایەتی سازمانی خەبات و بە هەموو تواناوە خزمەتی گەلەکەی بکات. شەهید قادر لە بەهاری ساڵی 1360دا چەکی پێشمەرگایەتی خەباتی لە شان کردو کەوتە مەیدانی شەڕ و بەربەرەکانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان، لە مەودای پێشمەرگایەتیدا شەهید قادر نموونەی ئازایەتی و پاکی و لەسەرخۆیی بوو، بەوەی کە دەیتوانی بۆ نەتەوەکەی فیداکاری بکات، شانازی دەکرد. بڵێسەی تفەنگی شەهید قادر لە هەموو شەڕەکانی ناوچەو شوێنەکانی دیکەی کوردستان، چیا و دەرو دۆڵی ڕوون دەکردەوە، شەهید قادر یاریدەدەر و خۆشەویستی هەڤاڵانی بوو، لە سەر وەفاداری بە ڕێبازی خەبات و مافی نەتەوەکەی، هەر ئەوەش وای کرد کە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا خۆشەویستیەکی تایبەت بۆ خۆی بەدەست بێنێ. شەهید قادر لە ڕۆژی 1361/1/27 دا لە شەڕی جادەی بانە سەردەشت لە بەردە سوورانی نزیک زێویە بە فیشەکی دوژمنانی گەلەکەمان پێکرا، وە پاش ساڵێک و چەند مانگ خزمەت بە گەل و ڕێبازە پڕ لە شانازییەکەی شەهید کراو گیانی پاکی پێشکەش بە گەل و نیشتمانەکەی کرد و بۆ هەتا هەتایە ماڵئاوایی لە هاو ڕیزانی کرد و بەردەوامی ڕێگاکەی بۆ ئەوان بە جێ هێشت.
یادی هەموو کات لە دڵمان دایە و قەت لە بیرمان ناچێتەوە.




## سەرووەری گەل: شەهید عەبدوڵا نانەوا

هەر وەک خوێنی شەهید وشک نابێتەوە و ڕێبازی کوێر نابێتەوە ، هەروا ناویان سەر زاریانە و یادیان لە دڵاندای. شەهید ژیانی دانا بۆ هەژاران دەردی مردنی وە ئەستۆ گرت بۆ تیماری دەردەداران. بە خوێنی دێری ڕێبازی شۆڕشی کێشا. کە دوا شوێنی کوێر نەبێتەوە. تروسکەی گیانی چۆڵە چرای شۆڕشگێڕانە لە شەوەزەنگی ستەمدا و هەناسەی بەسرو سپێردراوی پشوو دێنێتەوەبەر ماندوان و و ە ە شەهید کۆڵەکەی گەلانە ، سەرمایەی ژیانە ، سەنەدی نیشتمانە. هەر جێیەک لەو نیشتمانە ، سەنەدێکی لە سەرە ، کۆرپە شەهیدێکی لە بەرە. خوێنی لە سەر ڕژاوە ، کوردێکی خەباتگێڕی لە سەر کوژراوە. لاوی بە ورە و قارەمانی لە سەر داناوە. جوێ لەوە کە هی خۆیەتی چەند جار بەخوێن کڕیویەتی. چ بکەین ئەوە میراتە بۆ کورد بە جێ ماوە نیشتمانی بە خوێن پاراوە ، مێشکیان لە سەر بست بەستی پڕژاوە. واش پێمان ڕەوا نابینن. دوژمنان لێمان دابێنن لە گشت لاوە تێمان وەردەدەن. وەک گورگی چەشتە بۆمان دێن ناهێڵن تاوێک پشوودەین ، ئاورێک لە زوو ڕابردوو وەردەین لە دوا ڕۆژمان بیرکەینەوە ار شار و دێمان دەڕوخێنن ، بەروو باغمان دەسووتێنن. بەڵام ئەستۆ کەج ناکەین. خەبات ئەکەین هەتا هەین ، با هەر هەڵێن بەزیوان خۆبشارنەوە لە نەدیوان ، دیارەخۆفرۆش چەندن و لە ڕێی جۆش بەندن. با بڕۆن بەرهەڵستوو هەڵێن هەل پەرەست. ئێمە شەهید لە بیر ناکەین و ڕێبازیان کوێر ناکەینەوە, زوو زوو یادیان دەکەینەوە, بە دۆعای خێر یادیان دەکەین, گۆڕیان بە هەڵاڵە پەژرین دەکەین, ئاوی ڕەحمەت لە گیانیان ئاژین دەکەین, ناویان بۆ خەڵک تازە دەکەینەوە ئاوڕ لە مێژوویان دەدەینەوە, با لە بیر بن ودڵگیر بن . تا ببنە چرای بەری دوایی ، بەرەو بەهەشت بۆیان ببنە بەرایی. ئەمڕۆ نۆرەی سووکەڵە سوارێکی مەیدانی خەباتی خوێناوییە. نۆرەی نەونەمامێکی باخی شەهیدییە. دەم وشکێکی ناهومێدییە ، بەو دەم وشکەش بە خوێنی ئاڵی ، خاکی پاکی کوردستانی ئاوداو بە مناڵی و کک ن شەهید کاک عەبدوڵا نانەوا کوڕی مام حسێن لە بنەماڵەیەکی هەژار و دێ نشین لە گوندی (بارێی گەورە) لە ناوچەی س پاشان ماڵیان چووە شاری بانە. لەوێ خوێندنی سەرەتایی دەست پێکرد. دوای ڕوخانی ڕژێمی شایەتی و هێرشی نارەوای تازە پیاکەوتوو بۆ سەر کوردستان.هەر چەندە درێژەدان بە خوێندنەکەی لەلا بەنرخ بوو, بەڵام هەستی بە ستەم دەکرد و خۆی ڕانەگرت کە لە بەربەرەکانێی چەکدارانە لە بەرانبەر هێرشی دوژمنی شەڕخوازدا دەست ڕاگرێ. لە ساڵی 1359 دا چەکی پێشمەرگایەتی هەڵگرت. هەر چەندە پێیان دەگوت جارێ کوردستان پێویستی بە چەک هەڵگرتنی تۆ نییە. دڵی ڕا نەدەوەستاو لە ڕیزی خەبات نەدەچووە دەر و بۆ چالاکی و جەنگ دەڕۆیی.
هەزاران سڵاو لە گیانی ئازیز و خۆشەویستی بێت

# لێکدانەوە و خوێندنەوەی کەلاسی دەرسی سکرتێری گشتی، سەبارەت بە نەتەوەیی و نیشتمانی

فرمێسک ڕەزایی



سازمانی خەبات، تەشکیلاتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی گەشەسەندنی بیرو هزر بە درێژایی مێژوو وایکردووە مرۆڤ بەرەو بیری نوێ و داهێنان و ئافراندنی باشتر لەمێشکیدا گەڵاڵە ببێ. ئەو هەلومەرجەی مرۆڤی پێگەشتوی بەلایەنی زانستی و پێشکەوتوو بەرەو پێشەوە بردووە، کە یەکێک لەو پێشکەوتنانە چەمکی کاری بەکۆمەل و زەرورەتی گرووپ و ڕێکخراوە و لەسەردەمی ئیستاش گەشەی فکری مرۆڤەکان، بەشێوەیێکی بەرچاو دەبیندرێ و خەڵک هەست بە لاوازیەکان لەکۆمەڵگەو دەسەڵاتدا دەکەن، هەربۆیە پێویستیان بە ڕێکخراوێکە بۆ ئەوەی ئامانجەکانی خۆیانی تێدا بەدیی بهێنن. بەو سەرەتا کورتە مەبەست ئەوەیە دەرمان خستبێ کە دامەزرانی سازمانی خەبات بە بەراوردێکی دروستی گەشەی فکری و ڕوانگەی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون، هەروەها هەم وەک زەرورەتێکی مێژوویی بوو بە تایبەت لە هەلومەرجێکدا پێکهات کە دەسەڵاتی خومەینی بەبیانوویی کافربوون، گەلی کوردیان کۆمەڵکوژ دەکرد، کە بەداخەوە کەسانی ساویلکە لە ئێران باوەڕیان بەو قسەیەی خومەینی دەکرد کە کورد کافرە و دەبێ قڕبکرێن. لەوکاتەدا جەنابی مامۆستا شێخ جەلالی حوسەینی و چەندین کەسایەتی نیشتمانپەروەر و خۆشەویستی خەڵکی کورد، کە پێشتر لەژێرناوی دەفتەری مامۆستا شێخ عێزەدین خەباتیان دەکرد، بە بڕیارێکی ژیرانە سازمانی خەباتیان پێک هێنا. لەهەلومەرجێکی ئاڵۆز و پڕ لە کێشە و قەیران سازمانی خەبات پێکهات کە یەکێک لە ئامانجەکانی ڕزگاری و ئازادی بۆ گەلی کوردو نیشتمانی کوردستان بوو، هەروەها یەکێکی تر لەئامانجەکانی یەکگرتویی و تەبایی بوو بۆ هێنانەدیی ئەو یەکگرتوویی، و تەباییە تەنانەت جەنابی مامۆستا شێخ جەلال و وەفدێک لە هاوباوەڕانی داوایان لە لایەنە سیاسیەکانی دیکەی کوردستانی ئێران کرد کە پێکەوە لە چوارچێوەی تەشکیلاتێک کە ڕەوت و ئامانجەکانیان پێکەوە بگونجێ ئامادەن هاوپەیمانیەتی و یەکگرتویی ببەستین ، بەڵام ئەم هەوڵانە بە ئاکام نەگەیشت وبەو حاڵەش سازمانی خەبات بەبەردەوامی داوای یەکڕیزی و هاوکاری هەمەلایەنەی لەگەڵ هێزە سیاسیەکان دەکرد و لەزۆربەی کات و بۆنەدا هاوکاری نیزامی و ئیمکاناتی پێ دەگەیاندن. بێگومان داوای سازمانی خەبات بۆ یەکگرتوویی و یەک بوون دەرخەری خاڵی بەهێزو ڕوانگەی بەهێزو موتمانە بە خۆبوون و باوەڕو ئیمان بە گرینگی یەکگرتوویی بوو. ڕوانگەی پاک و سادقانەی نەتەوەیی بوونی سازمانی خەبات بووە هۆی ئەوەی کە لەماوەیێکی کورت دا دەیان تێکۆشەری کوردایەتی هاتنە ڕیزەکانی سازمانی خەبات،چونکە سازمانی خەبات بە بیرێکی جیاواز و سیاسەتێکی نوێ لە پانتایی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانە هاتە مەیدان. شایانی ئاماژەیە، ئەو کاتەی کە سازمانی خەبات، سازمانێکی نەتەوەیی و ئیسلامی بوو، لایەنی نەتەوەیی وەک پێناسەو ئامانجێکی سەرەکی خەبات و تێکۆشانی بۆ خزمەتی خەڵک و ڕزگاری نیشتمان بوو.

خەتی نیشتمانی و نەتەوەیی لە بەرنامەیەی سازمانی خەبات و کارکردە نەتەوەییەکانی، بوونە هۆی ئەوەی کەسانی خاوەن بیرو باوەڕی جیا جیا لەڕیزەکانی سازمان کاربکەن و بەرپرسایەتی لە ئەستۆ بگرن. بە کورتی سازمانی خەبات لە گەڵ بیری خەڵک و بۆ جەماوەری کوردستان بوو، و دژی هیچ ئایین و باوەڕ و پێکهاتەیێک نەبوو. بەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد دەردەکەوێ پێناسەکانی نەتەوەیی و نیشتمانی بوون لە سازمانی خەبات ڕەنگی داوەتەوە. شێوەکارکردن و تێکۆشانی نەتەوەیی بو بەهۆی ئەوەی کەسانێک بە بوونی باوەڕێکی ئایینی، لە ڕێزەکانی سازمانی خەبات چالاک بوون و هەستیان بە بوونی خۆیان و جێگەو پێگەی خۆیان کردووە،سازمانی خەباتیان بە سەرچاوە و هۆیێک بۆ ڕزگاری نەتەوە و نیشتمان زانیوە، ئەو کەسانە فیداکارییان کرد و گیانیان لە ڕێگەی ئەو ڕێبازە بەخشی و ناویان بۆ هەتاهەتایە زیندو دەمێنێتەوە. بە دڵنیاییەوە سازمانی خەبات لە هەموو هەلومەرجێکدا قازانجی نەتەوەیی لەپێش قازانجی تەشکیلاتی خستوە، خواستی گەل و ئامانجی ڕزگاری گەل، لە سەروو ویست و خواستی سازمانی خەبات بووە، بە داخەوە کاتێک لەلایەن هێزە سیاسیەکانی کوردستان هێرش کراوەتە سەر سازمانی خەبات ، تەنانەت لە دیفاع کردن لە خۆی، کارێکی نەکردوە ڕۆڵەی کورد زیان ببینێ و ڕێگە نەدراوە هێزی پێشمەرگەی سازمانی خەبات تێکەڵ بە شەڕی براکوژی وکورد کوژی بێ. پەیڕەوکردنی سیاسەت و ئامانجی نەتەوەیی و نیشتمانیەکان و خۆ دوورگرتن لەناکۆکی و ناتەبایی، بۆتە هۆی ئەوەی کەسازمانی خەبات لەبەشێک لەناوچەکانی کوردستان نەتوانێ چالاکی بکات، سەرەڕای ئەو هەلومەرجە نالەبارانە و هەوراز و نشێوانە، سازمانی ئێمە سەقامگیرو بەردەوام بووە و مێژوویێکی خوڵقاندووە کە لێوانلێو لەسەروەری و خاڵی بەهێز لە پێناسەی نەتەوەیی و نیشتمانی بوونە. قۆناغێکی دیکە لە نەتەوەیی و نیشتمانی بوونی سازمانی خەبات ئەوکاتە بوو کە کۆنگرەی سێهەم لە ڕێکەوتی 1384ی کۆچی خۆری بەسترا، ئەو کۆنگرەیە بە ڕاوێژ لەگەڵ کەسایەتیە دۆستەکان و ئەندامانی سازمان لەناوخۆیی کوردستان بە پێداچوونەوە بە چالاکی و تێکۆشانی ساڵانی ڕابردوو، گەڵاڵەیەکی دارِشت کە خاڵی بەرچاو و بەرنامەی تۆکمە لەسەر بنەمای سازمانێکی نەتەوەیی ونیشتمانی و لابردنی ئیسلامی لەسەر ناوی سازمانی خەبات بوو. ئەو ئاڵوگۆڕە لە نەوعی خۆیدا ئەگەر نەڵێن لەکاری سیاسی وحزبی دەگمەن بوو، بێگومان کەم وێنە بوو، چونکە سازمانی خەبات بە پێی ویست وهەلومەجی ئەو سەردەمەی کوردەواری ئەو ئاڵوگۆڕە ئەرێنیەی لەبەرنامەی خۆی پێک هێنا. لابردنی ناوی ئیسلام لەسەر سازمانی خەبات بە مانای پشت کردن لە مێژوویی چەند ساڵی ڕابردوو نەبو، وهەروەها بە مانای دژایەتی و ڕووبەروو بونەوە لەگەڵ فکری ئیسلامی نەبو، بەڵکو لەبەرئەوە بو کە هەلومەرجێک هاتبوە ئاراوە کە جەریانی توندڕەوی ئیسلامی بەناوی ئیسلام گەورەترین تاوانیان دژی مرۆڤایەتی ئەنجام ئەدا.هەروەها هێندێک لایەن دینیان کردبوە چەکێک بۆ بردنە پێشی مەبەستە سیاسیەکانی خۆیان، کە وایە سازمانی خەبات لە سەردەمێکدا کە نەتەوایەتی و ئیسلامی بو، هیچ کات هەوڵی نەدابوو لەئیسلام بۆ فریو و قازانجی سیاسی کەڵک وەرگرێ، لەبەر ئەوە گرنگ بوو پێناسە و ڕیزی خۆی لە لایەنە توندڕەوەکان و ئەو لایەنانەی فکرو باوەڕ بە قازانجی بردنە پێشە ئامانجە سیاسیە غەیرە نەتەوەییەکان بە کار دێنن جودا بکاتەوە. سازمانی خەبات دەریخست کە نەک تەشکیلاتیکی چەقبەستوو نییە، بەڵکو بە پێی سەردەم وپێویستی کۆمەڵگە، ئاڵوگۆر لەبەرنامە وکارکردی پێک دێنێ. نوێگەرێیێک کە بەردەوام ئەبێ لە کارکردن لەسەر بنەما ستراتیژیەکانی وەک، خەبات بۆ ڕزگاری گەلی کورد، بەکەڵک وەرگرتن لەهەموو هۆکان و بەتایبەت بە گرینگیدان بە بۆچوون پێشنهادو بەشداری تێکڕای چین و توێژەکان،مامۆستایانی ئایینی، ئافرەتان، لاوان، خوێندکاران. ڕوانگەی سازمانی خەبات وایکردوە کەئەوانەی بە دڵ هاتوونە ڕیزی سازمانەوە ولەناخیاندا بیری مەزنایەتی نەتەوەیی و ڕزگاری نیشتمان بە کردووەو بەدوور لە دروشم چەکەرەی کردووە. لایەنێکی نەتەوەیی بوونی سازمانی خەبات، ئەوەیە کە دوژمنی سەرسەختی دوژمنانی کوردە، و بەبەردەوامی هەوڵی دۆستایەتی و تەبایی داوە و هەر ئەو ڕوانگەشی وایکردوە کە ئامانج و مەبەستە سەرەکیەکەی بۆ ڕزگاری بێ و هیچ کات دوژمنان نەتوانن کەڵکی خراپ لەسازمانی خەبات وەرگرن، وهیچ کات ڕۆڵەی کورد لەلایەن سازمانی خەبات بە دوژمن نەدراوە، وە یا بەقازانجی دوژمن زیان بە ڕۆڵەی کورد نەگەیشتووە. یەکێک لە دیاردە زیانبارەکان لە کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی ولەڕیزی ئەحزابی سیاسی بە تایبەت، دیاردەی ناوچەگەرایی و شەڕی ئەم شار لەگەڵ ئەوشارو دەستەبەندیە، ئەم دیاردیە لەماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا زیاتر بەربڵاوبوە، سازمانی خەبات بەرپەرچدانەوەی و کارکردن بۆ نەهێشتنی ناوچەگەرایی و دەستە و دەستە بەندی، وەکوو خاڵێکی سەرەکی کارکردن،لەئەساسنامە پەسەندی کردوە. هەربەو پێیە لەسازمانی خەباتدا، بۆ هەر کادر و پێشمەرگەیەک معیار و پێوانەی سەرەکی کارکردن و چالاک بوون لەخەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی لەسەر ڕێباز و بەرنامەی سازمانی خەبات، مەحەکی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنە . سازمانی خەبات پێی وایە بەڕێوەبردنی وڵات ئەبێ لەسەر بنەما وقانونی نەتەوەیی و نیشتمانی دارێژێ و ڕێگە بگیرێ لە دیاردەی دزێو و خراپی ناوچەگەرایی و بۆ ئەوکارە پیرۆزەش تێدەکۆشێ، لەپێشدا لە ڕیزەکانی سازمانی خەبات بنەبڕی بکات و بۆ درێژماوەش لە کوردستاندا نەیهێڵێ.

# دادگای باڵای دانمارک مەئمورێکی ئیتڵاعاتی ڕژیمی بە تیرۆریست ناساند

هەواڵدەرێ ڕۆیتەرز ڕۆژی پێنجشەممە 16 ی بانەمەر, نووسی:. دادگای باڵای دانمارک بە پەسەندکردنی حوکمی سەرەتایی, محەممەد داوو دزادە لۆلۆیی "بەتاوانی سیخوڕی و هاوکاری لە پیلانێکی سەرنەکەوتوو بۆ ترۆری دژبەرێکی عەرەبی ئێرانی لەدانمارک پەسەند کرد وڵاتی دانمارک لەساڵی 2018 پاش گیرانی ئەم کەسە و ئەم پەروەندەیە, خوازیاری گەمارۆی زیاتر لەدژی ڕژیمی ئێران بوو. محەممەد داوو دزادە لۆلۆیی" لەمانگی ئۆکتۆبری 2018 گیراو ساڵی ڕابردوو بەتاوانی سیخوڕی بۆ ڕژیمی ئێران و هاوکاری لە پیلانی ترۆری هاووڵاتیەکی ئێرانی حوکمی 7 ساڵ بەندیخانەی بۆ دەرکرا. کۆمیسیۆنی ئەمنییەت و دژە ترۆری شۆرای میللی مقاومەت, ڕۆژی 20 ی خەزەڵوەری ساڵی 97 لە ڕاگەیندراوێکدا ئاشکرای کرد: محەممەد داوو دزادە لۆلۆیی ماوەی 10 ساڵە لەخزمەتی ئیتڵاعاتی ڕژیم دایە, و پەیوەندی چالاکی ناوبراو لەگەڵ نوێنەر و سەفارەتخانەی ڕژیم لە نۆرویژ, جارێکی دیکە ئەم ڕاستییە دەردەخات کە سەفارەت و نوێنەرەکانی ڕژیمی ئاخوندی و دیپلۆماتەکانی ، بەکەڵک وەرگرتن لەو هەلومەرجەیان ە ەردەوەی ترۆریستی و سیخوری دا بەشدارد هەروەها نوێنەری شۆرای میللی مقاومەتی ئێران لە ئۆسلۆ لە 16 ی بەفرانباری ساڵی 97 لەڕاگەیندراوێکدا ووتی: ڕووداوەکانی ساڵی 2018 دەرخەری ئەوەیە کە ڕژیمی ئاخوندی و نوێنەرەکانی لەنۆرویژ زۆرترین کەڵکیان لە هەلومەرجی خۆیان وەرگرتووە و جێگیرکردنی دوو مەئموری ڕژیم بەناوی پەنابەر و بەناسناوی بەهارە حەیدەری و موحەممەد داوو دزادە, و لەداوخستنی وەزیری نۆرویژ لەڕێگەی بەهارە حەیدەری و بردنی بۆ ئێران و دەرهێنانی هەموو زانیارییانی نێو مۆبایلەکەی ، یەکێک لە چالاکیەکا هەروەها نوێنەری شۆرای میللی مقاومەت خوازیاری دەستپێکی پەروەندەیەک لەدژی ئەم دوو کەسە بوون و ڕایانگەیاندووە کە لە میوانییەک دا بەهارە حەیدەری ومحەممەد داوو دزادە لە ڕیزی یەکەم لەتەنیشت نوێنەری ڕژیم دانیشتوون, داوو دزادە لە 21 ی ئۆکتۆبری 2018 لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ئێران بە خواستی دەوڵەتی دانمارک لە فڕۆکەخانەی یۆتۆبۆری سوئێد بەتاوانی بەشداری لە پیلانی ترۆر ، گیرا. داوود زادە ساڵی ڕابردوو داسپێردرا بوو بۆ ئەوەی خۆی نزیکی سازمانی موجاهدینی خەڵق و دەفتەری شۆرای میللی مقاومەت بکات , بەڵام لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماند کە ئەگەری بەکرێگیراوی ئەم کەسە زۆرە و پاش ڕاگەیاندن بە بەرپرسانی نۆروێژی , بووە هۆی ئەوەی کە پێش بە پیلانی ترۆریستی وسیخوڕی زۆرتر بگیردرێ .



# ڕاگەیەندراوی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی شەهید بوونی بێهزاد مەحمودی




هاونیشتمانیانی تێکۆشەر! دۆستان و ئەندامام و پێشمەرگە قارەمانەکانی سازمانی خەبات! هێز و لایەنە سیاسیە تێکۆشەرە کوردستانی و ئێرانیەکان! سازمان و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان! بەپێی ڕاگەیەندراوی پێوەندی هەولێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کاک بێهزاد مەحمودی ئەندام و پێشمەرگەی سازمانی خەبات کە ڕۆژی سێ شەممە 28ی بانەمەڕی 1400ی ک خ، لە بەردەم دەفتەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر خۆی سوتاندو بەو کارەی هەموومانی تاساند، لە دوای شەش ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی تایبەت لە شاری هەولێر و بەربەرەکانێ لەگەڵ مەرگ، بەداخەوە سەعات 12ی شەوی یەکشەممە لەسەر دووشەممە 2/ 3ی جۆزەردانی 1400، گیانی سپارد. لە کەس شاراوە نیە هۆی ئاوارەیی و دورە ووڵاتی لاوانی کوردو خۆسوتانی کاک بێهزاد، لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتەکانی ڕژێمی ئێران و چەوساندنەوەو سەرکوتی بێ بەزەییانەی خەڵکی کوردستان، کە بەر دەوامی ئەو سیاسەتە دژی مرۆڤانەیە، بۆتە هۆی ئاوارەبوونی هەزاران مرۆڤ لە نیشتمان و زێدی خۆیان و ژیانی قورس و حەستەمی ئاوارەیی.بێگومان لە وەها دۆخێکیشدا تووشی دەیان دەرد و چەرمەسەری و ماڵبەکۆڵی دەبنەوە.ئەو پەنابەرە سیاسیانەی کورد لە دوای ئاوارەییش بەداخەوە بەردەوام هەڕەشە و مەترسی ڕفاندن و تیرۆریان لەلایەن تاقمە تیرۆریستەکانی ڕژیمی ئاخوندیان لەسەر بووە و ڕژیم مێژوویەکی ڕەشی لە کوشتن و تیرۆر و ڕفاندنی پەنابەرانی سیاسی کورد لە ئوروپا و هەرێمی کوردستان هەیە.ساڵانێکە تێکۆشەران و بێ نەوایانی کوردی ڕۆژهەڵات، هەرێمی کوردستان بە شوێنی حەوانە وە و ئارام بۆ خۆیان دەزانن و ڕووی تێ دەکەن، بەڵام بەداخەوە لە دوای جێگیربوون لە هەرێمی کوردستان، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەرکی پێراگەیشتن لە پەنابەرانە، کەمتەرخەمی زۆری نیشان داوە، ئەوەش وای کردووە پەنابەرانی سیاسی کورد ئاسۆیەکی ڕوون بۆ دوارۆژی خۆیان نەبینن و لە هەرێمی کوردستان بەبێ ناسنامە و پێناسەی ئەوتۆ کە بتوانن کارەکانی ڕۆژانەو یاسایی و مافەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بیانگرێتەوە نین، بۆیە تووشی بێ مافی و نادادپەروەریەکی زۆر دەبن و ئەوانەش فشارێکی زۆری ڕۆحی و ڕەوانی بۆ ئەو پەنابەرە سیاسیانەی کورد دروست کردووە.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران ئەو دڵنیاییە بە تێکۆشەران و پەنابەرانی سیاسی کورد لە هەرێمی کوردستان، تورکیە و یۆنان دەدات کە وێڕای ئاستەنگە نێونەتەوەییەکان بەردەوام دەبێ لە پشتیوانی پەنابەرانی سیاسی کورد و دەنگی پەنابەران بە کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی و ناوەندە بڕیار بەدەستەکانی ووڵاتان دەگەیەنێ. بەم شێوەیە داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکیەتی ئوروپا و شۆرای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین ئاوڕێکی جیددی لە پرسی پەنابەرانی سیاسی کوردی کوردستانی ئێران بدەنەوە و ڕێگە نەدەن بە هۆی بڕیاراتی سیاسیەوە لەوە زیاتر ببنە قوربانی و بێ عەدالەتیان لەگەڵ بکرێ.سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران هەروەها داوا لە حکومەتی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەفتەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات، داوای پەنابەرانی سیاسی کوردی نیشتەجێ لە هەرێمی کوردستان بدەنەوە بۆ ئەوەی ئەو جیاکاری و هەڵاواردن و کەمتەرخەمیانە کۆتایی پێ بێ و ئەو پەنابەرانەش وەک هەر تاکێکی دیکە مافە ئینسانیەکانیان بۆ لەبەرچاو بگیرێ.داوا لە پەنابەرانی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەین شەهید بێهزادی مەحمودی کە بە گیانی خۆی پرسی بێ مافی و نادادپەروەریەکانی بە ڕای گشتی نیشاندا، بکەنە سومبوڵی پەنابەرانی قوربانی بێ ماف و بە ڕێزەوە یادی بەرز ڕابگرن.

سڵاو لە گیانی شەهید بێهزاد مەحمودی،مەرگ و نەمان بۆ ڕژێمی دیکتاتۆری ئاخوندی

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران،

کۆمیتەی ناوەندی.

3ی جۆزەردانی 1400 ی کۆچی خۆری

# ڕێوڕەسمی ١١ی بانەمەڕ، دەهەمین ساڵیادی دەمەزراندنی ڕێکخراوی لاوان لە بنکەی سەرکردایەتی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو

ڕۆژی هەینی ١٠ی بانەمەڕی ١٤٠٠ ڕێوڕەسمی ١١ی بانەمەڕ دەهەمین ساڵیادی دەمەزراندنی ڕێکخراوی لاوان بە ئامادەبوونی ئەندامانی سەرکردایەتی سازمانی خەبات، دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی لاوان، پێشمەرگەکان، ئەندامان و لایەنگران لە بارەگای سەرکردایەتی سازمانی خەبات بەڕێوەچوو.سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە ساتێک وەستان بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆحی پاکی شەهیدان و بەتایبەت شەهیدانی لاوی ریزەکانی سازمانی خەبات دەستی پێکرد.دواتر پەیامی دەستەی بەڕێوەبەری ڕێکخراوی لاوان لەلایەن خاتوو شایستە موحەممەدی پێشکەش کرا. دەستەی بەڕێوەبەری لە پەیامەکەیدا وێڕای پیرۆزبایی بەبۆنەی ئەم یادە، باسی لە کاریگەری هێزی لاوان کرد لە خزمەت کردن بە وڵاتەکانیان و کە توانیویانە گۆڕانکاری بنچینەیی و پێویست لە ڕەوتی ژیان و لە کۆمەڵگەدا بهێننە مەیدان و خزمەتی بەرچاو بە مرۆڤایەتی بکەن. لە بەشیکی تری پەیامەکەدا باسی گرنگی دەوری لاوان لە ریزەکانی سازمانی خەبات کرا و بەباوەڕ و بە توانا و خواستی لاوان بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمان لە سادەترین ئەرک تا ناوەندی بڕیاردان بواریان پێ دراوەو دەوری کاریگەریان گێڕاوە. لە بەشێکی تری ڕێوڕەسمەکەدا سروودی ئێمە ڕۆڵەی کوردین لەلایەن کۆڕی سروودی ڕێکخراوی لاوان و بەشی مۆسیقای سازمانی خەبات پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.دواتر پەیامی ڕێکخراوی ئافرەتان لەلایەن خاتوو ڕێزان شەهیدی پەنا پێشکەش کرا. لە پەیامەکەدا ڕێکخراوی ئافرەتان پیرۆزبایی گەرمیان پێشکەش بە ئەندامانی ڕێکخراوی لاوان کرد و هەوڵ و ماندوبوونی چەندین ساڵەی لاوانی ریزەکانی ڕێکخراوی لاوان لە پێناو ئازادی و دەستەبەری مافەکانی لاوانی کوردستان بەرزنرخاند.لە بڕگەیەکی تری ڕێوڕەسمەکە گۆرانییەک لەلایەن کۆڕی مۆسیقای سازمانی خەبات پێشکەش کرا.دواتر بە خوێندنەوەی شیعری لاوانی خەبات کە لایەن کاک ڕێبوار حوسەینی پێشکەش بە لاوانی ریزەکانی ڕێکخراوی لاوان کرابوو کۆتایی بە ڕێوڕەسمەکە هێنرا.













# دەورەیەکی دیکەی پەروەردە وبارهێنانی پێشمەرگایەتی لەفێرگەی سازمانی خەبات،ی کوردستان کۆتایی پێهات

دەورەیەکی پەروەردە و بارهینانی  پێشمەرگەی تازە پەیوەست بوو بەڕیزەکانی سازمانی خەبات کۆتایی پێهات. رۆژی شەممە رێکەوتی 21ی بانەمەڕی 1400ی کۆچی خۆری، رێوڕەسمی کۆتایی هاتنی دەورەی سەرەتایی چەکدارکردنی پۆلێک پێشمەرگەی تازە پەیوەست بوو، لەژێر چاودێری و بەرێوەبردنی کۆمیسیۆنەکانی سیاسی نیزامی و پەروەردە و لەژێر ناوی دەورەی شەهید " عەبدولا سەییدی" بەرێوەچوو. سەرەتای رێوڕەسمەکە بە دەقەیەک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە رۆحی شەهیدان دەستی پێکرد و پاشان چەند وتەیەک لە لایەن بەرێز کاک کامیل نورانی فەرد، ئەندامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەبات ی کوردستان،  پێشکەش کرا، کە تێیدا باسی لە ئەرکی گرینگی تێکۆشان لەپێناو گەل و ژیانی پێشمەرگایەتی کرد و هاوکات لەسەر دۆخی هەستیاری ناوچەکە و بەتایبەتی دۆخی رژیمی ئێران و جوڵانەوەی گەلەکەمانی کرد و بەپێی لێکدانەوەکان دووڕەدیمەنی خەباتی گەلەکەمانی بە گەشبینیەوە لێکدایەوە و ئەرکی هەنووکەیی هێزی پێشمەرگەی وەبیر هێنایەوە. لەدوای ووتەکانی کاک کامیل نورانی فەرد، لەلایەن یەکێک لە هاوڕێیانی پێشمەرگە بەناوی کاک سەرکەوت ئیلامی پەیامی سپاس و پێزانین لە ماماۆستایانی فێرگە خوێندرایەوە، و لە پاشان دا چەکی شەرەف و کەرامەت لەلایەن مامۆستایانی دەورەکە پێشکەش بە پێشمەرگە تازە پەیوەست بووەکان بەریزەکانی سازمانی خەبات، کرا.















ئادرەس و ژمارە تەلەفونی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران

http://www.sazmanixebat.org
www.facebook.com/sazmanixebat
http://www.khabatmedia.com
htt//www.lawan.info
www.facebook.com/lawanixebat
telegram /sazmanixebat
Email: sazmanikhabat@hotmail.com

TEKOSHAN

تەلەفون:
کومیتەی ناوەندی:00964750449738
پێوەندی هەولێر: 009647506487209
پێوەندی سلێمانی: 00964772446499

# ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهید بێهزاد مەحمودی، لە هەولێر

سەرلەبەیانی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٥ی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٦ ی مای ٢٠٢١ی زاینی، ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی شەهیدی ڕەنج و ئاگر شەهید بێهزاد (محەممەد) مەحمودی بە ئامادەبوونی دایک وباوک و کەسوکاری و بەشێک لە دەفتەری سیاسی و سەرکردایەتی و ئەندامانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، و هەروەها نوێنەری بەشێک لە هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و جەماوەری بەهەست و دڵسۆزی هەولێر و دەوروبەر، لە گۆڕستانی کەسنەزانی شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

لە پاش وەرگرتنەوەی تەرمی کاک بێهزاد، بردرایە بەردەم بارەگای نوێنەرایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێر و لە پاش فاتیحایەک، بەرەو گۆڕستانی کەسنەزان کاروانی هاوڕێیەتی تەرمەکە وەڕێکەوتن.

پاش ئەسپەردەکردنی تەرمی کاک بێهزادی جوانەمەرگ، بەڕێز کاک کامیل نورانی فەرد ئەندامی دەفتەری سیاسی سازمانی خەبات، چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد. بەڕێز کاک کامیل نورانی فەرد وێرای دەربرینی سوپاس و پێزانینی سازمانی خەبات و هاوڕێیان و کەس و کاری شەهید بێهزاد لە ئامادەبوان، ڕایگەیاند کە: بەداخەوە هەروەک کە دوکتۆرەکان پێشبینیان کردبوو، بەهۆی زۆری ڕێژەی سوتاوی، شەهید بێهزاد بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە ژیان کردو بە جەستە بەجێی هێشتین، بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشی لە کەسوکاری شەهید بێهزاد و هاوڕێ و هاوخەباتیەکانی و سەرجەم کۆمەڵانی خەلک و هەموو تاکێکی بەهەست و ویژدان دەکەین.

لەماوەی چەند ڕۆژی رابردوو گەلێک لێکدانەوە و شڕۆڤەی جیاواز بۆ ئەو هەڵوێستە هەژێنەرەی شەهید بێهزاد کراوە، جیاواز لەو هەموو پەراوێزانە، ئەوەی کە جێگەی بایەخ و سەرنجە ئەو خەم و ئازارانەیە کە وای لە شەهید بێهزاد کرد ئەو هەڵوێستە بگرێ. ئەو خەم و ئازارانەی لە نێو هەموو پەنابەرە سیاسیەکانی کوردی کوردستانی ئێران نیشتەجی لە هەرێمی کوردستان دەرد و خەمێکی هاوبەشە. شەهید بێهزاد پارچەیەک لە تابلۆیەکی گەورەتربوو، ئەو هەڵوێستەی ڕەنگدانەوەی بێ بەشی و بێ مافی سەرجەم پەنابەرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بوو.

لە بەشێکی تری قسەکانی کاک کامیل دا ئاماژەی بەوە کرد کە: لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو دا لەسەر لایەنی بەرپرسیاریەتی لەو هەڵوێستەی کاک بێهزاد گەلێک ناوەند و ڕێکخراو ناویان هێندراوە، ئەگەر بەشێکیش لەو بەرپرسیارەتیانە لەسەر ئەو ناوەند و ڕێکخراوانەبێ، نابێ ئەوە فەراموش بکەین کە تاوانباری ڕاستەقینە و سەرەکی ئەو چارەنووسە خەماویە، تەنیاو تەنیا دەسەلاتدارانی ڕژیمی ئێرانن. ئەو حکومەتەی ماوەی ٤دەیەیە بە سیاسەتە دژی گەلیەکانی وە بە سیاسەتی تەبعیز و جیاوازی، ژیانی ١٣ ملیۆن تاکی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وێران و خاپور کردووە. ئەو ڕژیمەی چارەنووسی هەموو گەنج و لاوێکی کوردی تێکشاندووە، وە بە ناچار گەنج و لاو پەڕیوەی وولاتان دەبن و ناچار دەبن و مەجبور دەبن زێد و وولاتی خۆیان بەجێ بێلن. هەر بۆیە ئەگەر قەراربێ لایەنێک بە بەرپرسیار بزاندرێ وە مەحکەمە و سزایەک بوونی هەبێ دەبێ ئەوە ڕژیمی ئێران بێ.

لە بەشێکی تری وتەکانی بەڕێز کاک کامیل دا ئاماژەی بەوە کرد کە: نابێ لەبیرمان بچێ ئەو خەم و ئازارانە وەک خۆیان ماون و پێویستە ڕێگا چارەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر شاهێدی ڕووداوی لەم چەشنە نەبین و خەم و گرفت و ئازارەکانی پەنابەرانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لانیکەم بەرەو کەمتر بچێ. ئێمە داوا لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بەو جیاوازیەیی کە داواکەمان لە ڕاست ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بێ چاوەڕوانیەو وە لەڕاست حکومەتی هەرێمی کوردستان بە چاوەڕوانیەوەیە، وەک بەشێک، وەک پارچەیەک لەو نەتەوە ئازاردرا و ستەم لێکراوە، داواکارین کە چیتر پەنابەرانی سیاسی بەبیانووی نەبوونی جنسیە، لەپشتی هیچ دەرگایەکی داخراوی هەرێمی کوردستان نەمێننەوە و منداڵانی پەنابەرانی سیاسی، چ لە قۆنەغەکانی خوێندن، وە چ دوای خوێند و دامەزران و تەعین بوون کێشەیان بۆ دروست نەبێ و بەبیانووی غەریبی و نەبوونی جنسیە کێشەی نیشەجێبوون وە خاوەنداریەتی و موڵکداریان نەبێ. کێشەی کاک بێهزاد و هاوچارەنووس سازەکانی کاک بێهزاد کێشەی تەنها لایەنی دارایی و بڕە هاوکاریەکی جارجارەی یوئێن نیە، بەڵکو کێشەکە، کێشەی کەرامەتی تاکی سیاسیە. ئێمە پێویستە وەک پەنابەری سیاسی بەپێی میساق و جارنامە نێونەتەوەییەکان، ئەو مافانەی کە پێمان ڕەوا بیندراوە، بۆمان لەبەرچاو بگیردرێ. داوامان لە حکومەتی هەرێم هەیە هەرچەند دەزانین کە ئەوان تاکە لایەن نین کە بتوانن ئەو گرفتە جێبەجێ بکات، بەڵام هەر هەوڵێک، هەر هاوهەنگاوێک لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بەچاوی ڕێزو سوپاسەوە ئێمە لێی دەڕوانین.

وەک سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەو کەیسە بەردەوام دەبین و لەپێناو دەستەبەربوونی مافەکانی پەنابەران. سوپاسی هەموو لایەنێک دەکەین کە لەو پێناوەدا هاوکاریمان دەکەن. ئومێد دەکەم جارێکی تر شاهێدی ڕووداوی لەم چەشنە نەبین و هیچ ڕۆڵەیەکی کورد بۆ بیستنی دەنگ و داواکاریەکانی بیر لە ئازاردانی جەستەی خۆی نەکاتەوە، بە جێگەی ئەوە بیرو باوەڕ و هیواو کۆڵنەدان، بکەینە چەک و ئامرازی دەستمان بۆ ڕوبەڕوبونەوەی کێشەکانمان.

لە کۆتایی وتەکانی دا کاک کامیل، سوپاسی هەموو ئەو هێز و لایەنانەی کرد کە هاوکاریان کردوین و ڕایگەیاند کە: جێگەی خۆیەتی سوپاس و پێزانی خۆمان بۆ هەموو ئەو کەسایەتی و لایەنە سیاسیانەی لەو ماوەدا هاوخەممان بوون بکەین، بەتایبەتیش جەنابی کاک ئومێد خۆشناو پارێزگاری بەڕێزی هەولێر، هەروەها بەڕێوەبەران و کادرو دکتۆرو پزیشکانی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی و هەموو ئەو لایەنانەی کە هاوخەممان بوون. داوا دەکەم هەر کەسێک مافێکی لەلای کاک بێهزادە، گلەیی و گازندە و سوچێکی بەرامبەر کراوە، لێی خۆشبێ و گەردنی ئازاد بکات. خوای گەورەش بە ڕەحم و بەزەیی خۆیی لێی ببورێت و بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات. ئەو هێز و لایەنانە سیاسیانەی کە بەشداریان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و سەرەخۆشی شەهید بێهزاد دا کرد بریتیبوون لە: حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا)، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پارتی ئازادی کوردستان (پاک)،بزوتنەوەی نوێبوونی کوردستان، حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستانی عێراق.







